Kurdish Sorani

scottish refugee council

Refugee Support Service

# لستی پشکنین بۆ ئەو پەنابەرانەی تازە وەڵامیان وەرگرتووە

**وەرگرتنی بڕیارێکی ئەرێنی لەسەر داواکردنی پەنابەریەکەت واتا مۆڵەت وەردەگریت کە لە بەریتانیا بمێنیتەوە (بەجێ هێشتن بۆ مانەوە). مافی نوێت دەبێت**

## چی بکەیت دوای ئەوەی باری پەنابەری وەردەگریت

- ☐ پشکنین بۆ نووسراوەکانت بکە، بۆ نموونە نامەی بڕیاری پەنابەریەکەت
- ☐ پشکنین بکە بۆ بەرواری کۆتایی هاتنی پەنابەریەکەت
- ☐ تەقدیمی هەژماری بانکی بکە ئەگەر نیتە
- ☐ تەقدیمی سوودەکان بکە ئەگەر پێویستە، بۆ نموونە یونیڤێرسال کرێدت
- ☐ تەقدیمی هاوکاری بێ سەروشوێنی بکە ئەگەر هیچ شوێنت نیە لێی بژیت
- ☐ خۆت تۆمار بکە لە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی، وەکو دکتۆری ددان
- ☐ مافی پەروەردە و کار کردنت بزانە

## دوای ئەوەی مافی مانەوە وەردەگریت:

- ☐ چ جۆرە مانەوەیەکت هەیە
- ☐ ماوەی مانەوەکەت بۆ چەندە
- ☐ بەرواری بەسەرچوونی مانەوەکەت

## ئەو نوسراوانەی پێویستە بۆ گەیشتن بە مافەکانت

- ☐ نامەی بڕیاری پەنابەریەکەت کە دڵنیایی مانەوەکەت دەکات لە بەریتانیا
- ☐ مۆڵەتی نیشتەجێبوونی بایۆمێتری (بی ئاڕپی) یان ئی ڤیزا کە دڵنیایی لە ناسنامەت و باری کۆچبەریت دەکات
- ☐ کارتی تۆمارکردنی داواکاری (ئارک) ئەگەر چاوەڕێی کارتی بی ئاڕپی دەکەیت
- ☐ نامەی بەردەوام نەبوونی هاوکاری پەنابەری کە باس دەکات کەی پارە وەرگرتنی کارتی ئاسپنەکەت ڕادەوەستێت
- ☐ نامەی ئاگاداری بۆ وازهێنان لە دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونی پشتگیری پەنابەری

Kurdish Sorani

# لستی پشکنین بۆ ئەو پەنابەرانەی تازە وەڵامیان وەرگرتووە

## پشکنینی نوسراوەکان

- ☐ پشکنین بکە لەوەی هەموو ئەندامانی خێزانەکەت لەگەڵ منداڵەکانت کارتی بی ئاڕ پیان هەیە
- ☐ پشکنین بۆ هەموو ووردەکاریەکانی نامەی بڕیاری پەنابەریەکەت و کارتی بی ئاڕ پیەکەت بکە بزانە ڕاستە، بۆ نمونە بزانە بەرواری لەدایک بوون، ناو، و جۆری مانەوە لەسەر هەموو نووسراوەکان دروستە
- ☐ اوێنەی هەموو پەڕەکانی نامەی بڕیارەکە بگرە هی پاش و پشتەوەی کارتی بی ئاڕ پیەکان
- ☐ هەموو نوسراوەکان بە پارێزراوی هەڵبگرە، بۆ نمونە نوسخەی دیجیتاڵی لە ئیمەلەکەت و لە کلاود خەزن بکە
- ☐ وێنەیەک لە نامەکان هەڵبگرە کە لە لایەن هۆم ئۆفیس و دابینکەری هاوکاری شوێنی مانەوەکەت بۆت هاتووە

## زانیاری زیاترت پێویستە؟

ڕابەری ئۆنلاینەکەمان زانیاریت دەداتێ لەسەر خانووبەرە، سوودەکان، هەژماری بانکی، چاودێری تەندروستی و زیاتر

**کۆدەکە سکان بکە بۆ وەرگرتنی ڕابەرەکە لە ئۆنلاین**

**scottishrefugeecouncil.org.uk/information-for-new-refugees**